# هەرەشە!

سەرکەش
a_sarkash@hotmail.com



لەگۆڕخانەی
سولتانەکانی عوسمانلی
لورەی گورگێکی مرۆخۆر،
چلێس،
تێنوو،
بەخوێن و
گۆشت
سەردەردێنێ

*** *** ****

ئەمە
ڕۆحی دورندانەی
ئەتاتورکە
دیسان
بێشکەی
راسیزم و
فاشییزم و
تۆرانیزم
رادەژێنێ
*** *** ****

ئەمە
دیموکراسی
لینگاو قوچی
کەمالیزمە
ئالای
کۆمەلکوژی
ئەرمەن
بەتورککردنی
کورد
سەرکووتی
دەنگی ئازاد
پێشێلی
مافی مرۆڤ
رادەشەکێنێ

ئوپسالا، سوید
070128